# پۆل ریكۆر:
# شیعر جگە لە یاری شتێكی دیكە نییە

و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا

## بەشی سێیەم

(گادامێر) بۆ ئەوەی رۆڵی داهێنەر و وەرگر و كار دیاری بكات، دیاردەی یاری كردن وەك كارێكی ئەدەبی نیشان دەدات بۆ ئەوەش دەڵێت: گەمە كردن هەر تەنها چالاكییەكی داهێنەرانە نییە بۆ چێژ و خۆشی، بەڵكو یاری كردن جۆرێك لە جیدییەتی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەگەر یەكێك لە بەشدار بووان ئەو جیدییەتەی فەرامۆش كرد یارییەكە تێكدەچێت، گەمە دینامیكیەتی سەربەخۆو ئامانجی سەربەخۆی هەیە جیا لە هۆشیاری یاریكەرە بەشداربووەكان. گەمە بابەتێك نییە روو بە رووی خودی یاریزان بكرێت هەروەك چۆن ناشكەوێتە ژێر ركێفی زاتیەتی یاریزانەوە. یاریزان ئەو یارییە هەڵدەبژێرێت كە دەیەوێت بەشداری تێدا بكات، بەلاّم كاتێك دەچێتە گەمەكەوە ئیتر بە یاسا ناوەكییەكانی ئەو گەمەیەوە مەحكوم دەبێت، لێرەدا گەمە دەبێتە حاكم بە سەر یاریزانەوەو هەموو جولەكانی ئاراستە دەكات، بەشداربوونی یاریزانان لە گەمەیەكدا هۆكارێكە بۆ نواندنیان لە بووندا، بەلاّم ئەوەی دەكەوێتە بەر چاوی بینەران زاتیەتی یاریزانان و بینەرانیش تێدەپەڕێنێت، لێرەدا رۆحییەتی گەمەكە زاڵ دەبێت ئامانجیشی گواستنەوەی ئەو حەقیقەتەیە كە هەڵیگرتووە، واتە حەقیقەتەی یاری گۆڕدرا بۆ فۆڕمێك كە خودی گەمەكە پێكدێنێت، رۆڵی یاریزانیش دەبێتە رۆڵێكی پەراوێزی و تەنها لە هەڵبژاردنی جۆری گەمەكەدا دەردەكەوێت، گەمە لە فۆڕمێكدا دەبێت كە دەشێ (لە لایەن بینەرەوە) بەشداری تێدا بكرێت بەو مەرجەی بینەر هوشیارییەكی وای هەبێت پێش رووداوی بینینەكە بكەوێت، لێرەدا روونی دەكاتەوە كە رۆڵی داهێنەر لە كاری هونەریدا وەك رۆڵی یاریزانە لە گەمەدا، داهێنەر هەوڵدەدات ئەزموونی وجودییانەی خۆی فۆڕمەلە بكات، بەلاّم ئەو ئەزموونە لە دروست بوونیدا لە زاتیەتی داهێنەر جیا دەبێتەوە تا بگۆڕێت و ببێتە ناوەندێكی خاوەن دینامیكیەت و یاسای ناوەكی خۆی، ئەو ناوەندەی لە بووندا دەردەكەوێت (واتە فۆڕمی هونەری یان گەمە) وا دەكات پرۆسەی وەرگرتن شیاو بێت.

ریكۆر وەك دەبینرێت كاریگەری زۆری (گادامێر)ی بە سەرەوەیە لە ژێر ئەو كاریگەرییە درێژە بە كارەكانی خۆی دەدات، بەلاّم ریكۆر وەك پەرچەكردارێك بۆ بونیادگەرەكان هەوڵیدا تیۆرێك بۆ تەفسیری دەق دابنێت لە جیاتی بونیاد بایەخی بە مانا دا، ئەمەش بووە هۆی بە یەكگەیشتنی ریكۆر و هیرمینۆتیكا و لەوێشەوە جیا بوونەوەی لە گادامێر چونكە ریكۆر بیرۆكەی میتۆدی رەت كردەوەو وای دانا كە پرۆسەی هیرمینۆتیكا مەسەلەیەكە لە چوارچێوەی میتۆد تێپەڕ دەبێت و زێتر دەڕوات.

**پ/ من پێموایە كە وێناكردنەكانت لە بارەی خوێندنەوەو شیعر زۆر بە پتەوی بە وێناكردنە ئاینییەكانتەوە بەندە، بۆیە كاتێك لە بارەی هێزی تێڕامانەوە قسە دەكەین ئەو تێڕامانەی كە دەقێك لە دەقەكان جێگەی دەگرێتەوە لە ساتەوەختێكدا كە توانای تێدا هاتۆتە كەشف بوون. بە شێوەیەكی پتەو بە چەمكی ئەویدیكەوە پەیوەست نییە، ئەو ئەویدیكەی كە داهاتووی لەخۆیدا هەڵیگرتووە؟.**

-ریكۆر: دەمەوێت لێرەدا قسەی خۆم لە بارەی سەرنجی یەكەمتەوە بخەمە روو، ئەوەی كە زمانی من بە زمانی ئاینییەوە دەبەستێتەوە، من زمانی ئایینی وەك زمانی شیعری دەبینم بۆیە من داوای سروش لە زمانی ئایینی ناكەم، بەڵكو داوای سروشی شیعرییانەی لێ دەكەم، واتە ئەو وزەیەی كە توانای خەڵق كردنی ژیانێكی نوێی پێیە، هەروەها لایەنەكانی دیكەی واقیع و تواناكانی دیكەش یان كردەنییەكانی دەپارێزم. دەشێ تۆ ئەوە بە ئەوانیدیكە ناو بەریت ئەگەر نیازت لە "ئاسۆی دنیای ئەویدیكە" بێت، یان پەیمانت بە ژیانێكی نوێ دابێت، رەنگە ئەوەش بە شێوەیەك لە شێوەكان پەیوەندی نێوان شیعرییەت و زمانی ئاسایی لەخۆدا هەڵگرتبێت، شیعر بۆ كەشفكردنی توانا و وزەكانی زمان دەگەڕێتەوە، ئەو زمانەی كە وەزیفەكەی لە پەیوەندی بە واقیعی هەنووكەیدا كورت دەكاتەوە، لە بنەمادا سوودگەرایی دەكەوێتەوە.

**پ/ ئایا پێتوایە شتێكی پێویست و باشە كە جیاوازی لە نێوان شارەزایی ئایینی و شیعریدا بكەین؟ من دەزانم كە تۆ بە "ریلكە" سەرسامیت، ئایا لێرەدا بەو مانایە پێویست دەكات جیاوازی لە نێوان شاعیرێكی گەورەی وەك ریلكە و شارەزایی**

**ئایینیدا بکەین ؟ چونکە تۆ زۆر جاران زمانی "هایدیگەر" بەکار دەهێنی و قسە لە وشە دەیت بەو مانایەی کە لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارێ، ئەوەش ئاماژەیە بە رەهەندێکی بە هێزی ئایینییەوە.**

-ریکۆر: بەڵێ، بەلاّم من لێرەدا بە مانا نا ئایینزاکەوە قسە لە سەر ئایین دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێت بڵێین ئەوەی کە وەك جیاوازی دەکەوێتە نێوان شیعر و شارەزایی ئایینی ئاسۆیەکم بۆ دەکاتەوە ئاسۆیەك کە لە رێگەیەوە دنیای پێدەبینم، ئەوەش لە فیکرەی یارییەوە سەر هەڵدەدات. بەو مانایەش من ناپەیوەستم، ئەوەی کە دەکەوێتە سەر م تەنها ئەوەیە کە سۆزم بۆ خەیاڵی خۆم هەبێت.

بەلاّم شارەزایی ئایینی-بە هەموو شێوە ئایینزاکانییەوە- بە لای کەمی سێ رەگەزی سەرەکی لەخۆ دەگرێت و لەوێوە لەگەڵ شیعر لێکدوور دەکەونەوە، یەکەم رەگەز لەو رەگەزانە دەربەستبوونە (commitment) دووەمیان ئینتیمایە بۆ کۆیەکی دیاریکراو، بەلاّم سێیەمیان هەوڵی بەستنەوەی ئەو دەربەستبوون و ئینتیمایەیە بۆ هەڵوێستێکی کۆمەلاّیەتی و ئەخلاقی و سیاسی  دیاریکراو.

بەلاّم شیعر جگە لە یاری شتێکی دیکە نییە، من وەك خوێنەرێکی شیعر ناتوانم ئەو ئەرکە بخەمە سەر شانی خۆم کە لە تەقلیدی مەسیحیەتدا پێی دەگوترێت گۆڕینەوە یان دیاری (conversion). شیعر داوای هیچ شتێك ناکات، دەشێ گۆڕانکاری لە بواری هەژاری و وبێ پیتی زمان، بەرەو بوارێکی دیکەی دەوڵەمەند و بە پیتی روو بدات، بەلاّم بێ ئەوەی ئەو گۆڕانکاریانە بە هیچ بڕیارو هەڵوێستێکەوە بەند بێت. پاشان رەگەزی دەربەستبوون کە لە شارەزایی ئایینی دەیبینین جیاوازە لە یاری بێگەردی خەیاڵی کە لە شیعردا دەبینرێت. لێرەدا من خۆم لە نێوان ئەو پەیوەندییە بەهێزەدا دەبینمەوە کە دەکەوێتە میانی شیعر و شارەزایی ئاینییەوە، ئەوە لە لایەك لە لایەکی دیکە من خۆم لە بەرجەستەکردنی جیاوازییەکانی نێوانیاندا هەڵدەگرمەوە، بەمجۆرە من حەز ناکەم لە ئاییندا هەموو شتێك وەك شیعری لێبێت، وەك چۆن حەز ناکەم لە شیعردا هەموو شتێك وەك ئایین تەماشا بکرێت، بەڵکو حەز بە مانەوەی ئەو دەمەتەقێیەی نێوانیان دەکەم. ئەوەش نموونەیەکی دیکەی ئەو سینگ فرەوانییەیە کە زمان لە رێگەی بەکار هێنانە جیاوازییەکانیەوە پێی دەناسرێتەوە، زمانی ئایینی لە لایەك فرەیی بە زمانی شیعری دەبەخشێت، لە لایەکی دیکە ئەو فرەییەی پێ نابەخشێت، ئەوەش بۆ ئەو گێڕانەوەیە دەگەڕێتەوە کە لە شیعری لیریکیدا بەرچاو دەکەوێت. وەك چۆن لە هەمان کاتیشدا بۆی ناگەڕێتەوە، ئەوە خودی ئەو مانایەیە کەوا لە زمانی ئاسایی دەکات بێتە زمانی شیعری، وەك چۆن لە هەمان کاتدا واشی لێناکات. بەمجۆرە دەبینین زمانی شیعری بەیەکدادەچێت و دەچێتەوە نێو یەك و دادەخرێت، لە هەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی توونـد لێکدووردەکەوێتەوە. لێرەدا وەزیفەیەك لە وەزیفەکانی بەرجەستە دەبێت، کە بە فەلسەفەی تەئویل (هیرمینۆتیکا) ناو دەبرێت و هەر دەبێت ئەو تەئویلە هوشیارانە بکەوێتە میانی بەکار هێنانە زمانەوانییەکانەوە.

**پ/دەمەوێت بپرسم یەکێك لە کتێبەکانت کە ناونیشانی (شیعرییەتی ویستە) هەڵگرتووە، ئەو کتێبە چ پەیوەندیەکی بە شیعرەوە هەیە، یان تۆ وشەکەت بە شێوەیەکی مەجازی بەکار هێناوە؟.**

-ریکۆر: نە ئەویانەو نە ئەمیان، ئەوەی کە من بیری لێ دەکەمەوە بەکار هێنانی ئەرستۆییە بۆ وشەی شیعرییەت(پۆتیکا-poetics) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، ئەو بەکار هێنانەش بەرەو مانا یۆنانییەکە (poesis) مان دەباتەوە، کە بە مانای دووبارە خەڵقکردنەوە دێت، ئەوەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە من لە بارەی چەمکی دووبارە خەڵقکردنەوە بە بیرم هێنانەوە، ئەو چەمکە دڵی لە چەمکی شیعر -بە واتای هۆنراوە- بەرفرەوانترە، رەنگە هەر ئەوەش وای لە من کردبێت کە چیرۆك بخەمە دووتوێی شێوەکانی شیعرییەتەوە، چیرۆك وزەی خەیاڵی بەرهەمهێنرامان تیژ دەکاتەوە، ئەو خەیاڵەی کە بە پێی رێسایەکی دیاریکراو بەرێوە دەچێت، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا خەیاڵی داهێنەرانە، رێسا خەڵق دەکات و لە هەمان کاتیشدا لە ناوی دەبات. دواجار دەشێ بڵێین شتێکی هاوبەش لە نێوان هەموو شێوەکانی شیعرییەتدا هەیە هەر لە هونەری گێڕانەوە تا دەگاتە شیعری لیریکی.

**پ/ لە کتێبەکەت کە ناونیشانی هیرمینۆتیکا و زانستە مرۆییەکانی هەڵگرتووە، قسە لە مێژوو دەکەیت بەو مانایەی کە دەقێکی ئیبداعییە-دەشێ لەم بارەیەوە قسەمان بۆ بکەیت؟.**

-ریکۆر:بەڵێ، لێرەدا هەندێك لە فەیلەسوفان دەیانەوێت وا تەماشای مێژوو بکەن وەك ئەوەی شێوەیەك بێت لە شێوەکانی شیعرییەت، لەوانەش کە من زۆر سەرسامم بە کارەکانی بۆ نموونە (هایدن وایت)ە. چۆنێتی فۆرمەلەکردنی مێژوو کە مێژوونووس لە چنینی

ڕووداوەکانی ڕابردووەوە پێی هەڵدەسێت، هیچی لەو ئیبداعە کەمتر نییە کە نووسەرێکی شانۆیی لەفۆڕمەلەکردنی چنینی شانۆیەکەیدا پێی هەڵدەسێت. هەر یەکێك لەوانە دەیەوێت لە ڕێگەی یەکێك لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکانەوە کۆمەڵێك دەلالەت دابهێنن، هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و کۆکردنەوەی ڕووداوەکان یەکێکە لە ئەستوونەکانی کردەی پێکهێنان، بەمجۆرەش کردەی پێکهێنان خەسڵەتی خەیاڵی داهێنەرانەی لەخۆدا هەڵگرتووە جا چ لە چیرۆکدا بێت یان لە نووسینی مێژوو.

**پ/ کەواتە تۆ تەواوی زانستە مرۆییەکان بە خەیاڵی داهێنەرانەوە ڕەنگ دەکەیت.**

-ریکۆر: لە ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا بەڵگە نەویستێك ئەو بۆشاییە گەورەیەی سەلماند کە دەکەوێتە نێوان ئەوەی پێی دەڵێن زانستە سروشتییەکان یان ئەو زانستەی کە دەکەوێتە ژێر ڕاستییەکان و کۆمەڵێك یاسا لەو ڕاستیانە هەڵدەهێنجێت و نێوان زانستە مرۆییەکان یان ئەوەی بە پێی ناونانی ئەڵمانیا پێی دەڵێن (Geisteswissenschaften) بەمجۆرە ئەو بۆشاییە لە نێوان ڕاستیەکان و یاساکاندا چەسپاوە، وەك چۆن لە زانستە سروشتییەکان و ئاماژەکان و هیرمینۆتیکادا دەبینرێت لە زانستە مرۆییەکانیشدا دەبینرێت. ئێستا فەیلەسوفکارانی تیۆری مەعریفە وەك شتێکی ڕووت سەیری ئەو دابەشکردنە دەکەن، ئەدیبەکان لەگەڵ ئەوان جیا دەبنەوەو کۆمەك بە زانستە مرۆییەکان ناکەن، یان باشتر وایە بڵێین بەرەو هەڵە پەلکێشیان دەکەن، ئەدیبەکان پێیانوایە کە زانست بۆ خۆی لە کردەی هیرمینۆتیکا پێکهاتووە. بە پێی گوتەی (ستیفن تولین)یش ئەرکی زانستکاران زۆر لەگەڵ ئەرکی شاعیران جیاواز ناکەوێتەوە، زانستکاران بوارە جیاوازەکانی مەعریفە ڕێك دەخەن، کۆمەڵێك پێکهاتە لەو بوارانەدا دەخەنە ڕوو.

**پ/ لەم بارەوە بەشی حەفتەم لە کتێبەکەتم بیر دەکەوێتەوە کە بە ناونیشانی یاسای میتافۆرە (Metaphor) لەو بەشە گشتیەی کتێبەکەت نموونەی (ماکس بلاك) و میتافۆرەکانی ماکس بلاك شان بە شانی (ئەرستۆ) دەهێنیتەوە. وا پێدەچێت سوودی ئەو مەسەلەیە لە گفتوگۆکەماندا بێتە جێگای بەراوردکارییەکی نێوان شیعر و زانست.**

ئێمە وا سەیری زانست دەکەین وەك ئەوەی پرۆژەیەك بێت، جیاواز لە پرۆژەی شیعری، لە کاتێکدا ئەو نموونانەی کە زانستکاران تەبەنی دەکەن وەك داڕشتنی زمانەوانی زۆر لەگەڵ شیعر جیاواز ناکەونەوە، وەك تۆ دەڵێیت شاعیر بۆ خۆی بە جۆرێك لە جۆرەکان توێژەرەوەیە.

-ریکۆر: بە پێی تەعبیری (کارل پۆپەر) خاڵی بە یەکگەیشتنی نێوان لۆژیکی کەشفکردن و شیعر ئەوەیە کە ئەو کەشفکردنە لۆژیکیە کردەیەکە لە کردەکانی خەیاڵ و هەوڵی بینینی پێکهاتە نوێیەکان دەدات، پاشان هەوڵی لەناوبردنی بونیادە کۆنەکەش دەدات و ڕێگە بۆ دەرکەوتنی بونیادی نوێ خۆش دەکات، بەلام لێرەدا بە لای کەمی سێ پێوانە بۆ حوکم بە سەر دادانی کردەی زانستی لە ئارادایە لە سروشتدا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە حوکم بە سەر شیعردا دەدات. پێوانەی یەکەم- کە (پۆپەر) دەیخاتە ڕوو، شیعر ئەو توانایەیە کە گریمانەی زانستی بە درۆ دەخاتەوە falsification- دەلالەتەکانی خۆی وەك گریمانەیەکی زانستی بە دەست دەهێنێت، بەلام دواجار لە پراکتیزەکردندا بە درۆی دەخاتەوە. بەلام دووەمیان کە حوکم بە سەر کاری زانستیدا دەکات ئەوەیە کە خەڵکی هەوڵدەدات چونکە حەز دەکات هاوەڵەکانی دان بە گریمانەکەیدا بنێن، ئەوەش بە مەسەلەی زۆربە ناسراوە، زۆربەیەك کە هیچ شوێنێکی لە نێو شیعردا نییە، هیچ پێویستیش ناکات شاعێك بێت و لە تێڕمانی خەڵکی بەشدار بێت. بۆیە ئێمە ئەوەی کە بە کۆمەڵەی زانستی (scientificcommunity) ناو دەبرێت، وا دێتە بەر چاومان کە لە دنیای شیعر هیچ بەرامبەرێکی نەبێت.

**پ/ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە ئەوەی بە کۆمەڵەی شاعیران ناو دەبرێت وجودی نییە؟.**

-ریکۆر:بەڵێ ئەوە بەشێکە لە هەڵوێستی درامی کە شاعیر خۆی تێدا دەبینێتەوە، شاعیر هەمیشە لە ساتەوەختی خەڵقکردن و دووبارە خەڵکردنی دنیادا تەنیایە. بەلام پێوانەی سێیەم کە حوکمی کەشفکردنی زانستی دەکات ئەوەیە کە هەموو کەشفکردنێك دەبێت لەگەڵ تەواوی بەخششەکانی پێشوو بەیەك بگاتەوە، تا دەگاتە ئەو ساتەوەختەی یەکێك لە کەشفکردنەکان لەگەڵ بەخششەکانی پێشوو لێکدابڕان دروست دەکات- وەك ئەوەی کە (کۆن) ئاماژەی بۆ دەکات- لێرەوە پارادیمی مەعریفی دەبێ بگۆڕدرێت، کەچی بە پێچەوانەی ئەوەوە هیچ سیستەمێکی شیعری وجودی نییە کە بشێ بگوترێت هەموو شاعیرێك بەشداری لە بونیادنانیدا دەکەن و شتی دیکەی دەخەنە سەر، چونکە فیکرەی سیستەمێکی لەمجۆرە لەگەڵ شیعر تەواو ناتەبا دێتەوە.

**هەمان مەسەلەیەش بە سەر کاری چیرۆکیشدا جێبەجێ دەبێت، ناشێ بگوترێت کە رۆمانێکی تازە شت دەخاتە سەر تەواوی رۆمانەکانی پێشووتری وەك ئەوەی لە گێڕانەوەدا سیستەمێك پێکبهێنن.**